# ئەنفال

## ( نزای بوونەوەر )



قوبادی جەلیزادە

–   دار–

دارێک ، بارەشێک

پەلی داوەتە بەر  زەبری تەوری .

دارێک ، ددانی مشاری کرمێک

کەڵبەی ناوەتە ریشاڵی عومری .

ئەو دارە هەموو نیوەشەوانێک ،

دوو لقی نزا

وەک هەردوو  دەستی حەزرەتی ئەییوب ،

هەڵدەبرێ بەرەو خوای دادوو سزا :

« خوایە بۆ خاتر سی جزمەی قورئان

تۆفێ بنوێنی ،

لوورەو نەعرەتەی ئەو بایە کرِ کات.

حەزیای حەوت سەری وا بخولقێنی ،

ئۆردووی ئەو کرمە دەعبایە قرِ کات . »

– مریشک –

مریشکە رەش  هەرکە ئاوی دەخواردەوە ..

زۆر بە کرِی ،

سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی :

« خوایە هەتا جووجەڵەکانم هەڵدێنم ،
-با - ، ژەهری کۆچ هەڵنەرێژێ .
خوایە هەتا جووجەڵەکانم هەڵدێنم ،
باڵ و پێم شەتەک نەدەن و
نەمخەنە سەر،
تیرەقەی پشتی گوێدرێژێ . »

- چۆلەکە -
هەرکە داکانەو بابانە ،
زەڕنەقووتەی رووتیان جێهێشت لە هێلانە
کرنووشی بۆ ( حی علی الصلاه ) دەبرد .
جیکەجیکی ی
تێکەڵ دەنگی مەلا دەکرد .

« خودایە بیکەی بە خاتر ،
ئەو کەباروو سلاٌواتە .
خودایە بیکەی بە خاتر ،
ئەو سپیدە کش و ماتە
تا پەڕوو باڵ دادەپۆشن گۆشت و پیستم ،
مەرگی گوێسوانە نەبینم
نرکەی کاریتە نەبیستم »

- چێل -
چێڵێکی قەش ..
چاوی لە کابان بڕی بوو .. و

به گریانەوە دەیبۆڕاند :

« خوایە تا  رۆژی مردنم ،

دەست و پەنجەت لە گوانی من نەبێتەوە .

خوایە تا رۆژی مردنم ،

قەسابەکان

چەقۆی بە خوێنیان نەگاتە

نووشتەو حەمایلی گەردنم »